# عێراق و هەرێمی کوردستان دوو ڕێگەی جیاواز بۆ دابینکردنی کارەبا

15-05-2025

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** خواستی تاکێک بۆ کارەبا لە عێراق و وڵاتانی دراوسێ چەندە ، داهاتی تاک و خەرجییەکانی چەندە، نرخی کارەبای دابینکراو لەسەر بنەمای ئەمپێر چەندە، عێراق لە ئێستا و 2030 چەند بەرهەمدەهێنیت و چەندی پێویستە، عێراق بە زیادکردنی سەرچاوە و هەرێمی کوردستان بەرێکخستنەوەی خواست دەتوانێت کارەبا دابین بکات؟ لەم ڕاپۆرتەدا بەپێی داتاکانی بانکی جیهانی، فەرمانگەی زانیاری وزەی ئەمریکا و ئاژانسی وزەی نیودەوڵەتی وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەینەوە.

## بەرایی

عێراق و هەرێمی کوردستان لە بەردەم هاوینێکی سەختدان بۆ دابینکردنی کارەبا، چونکە عێراق یەکەم جاریەتی بەبێ گاز و کارەبای هاوردەکراوی ئێران هەوڵی دابینکردنی کارەبا دەدات[1] و هەرێمی کوردستانیش پرۆژەی کارەبای 24 کاژێری "پرۆژەی ڕووناکی" دەباتە قۆناخێکی نوێیەوە بەتایبەتیش لەسەنتەری شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک.

ئێستا ئەوەی لەسەر پرسی کارەبا لە عێراق دەبینرێت تەواو جیاوازە لەوەی لە هەرێمی کوردستان هەیە، بەشێوەیەک دەتوانین بڵێین عێراق بەدوای زیادکردنی سەرچاوەکانی دابینکردن وبەرهەمهێنانی وزەی کارەباوەیە بۆ ئەوەی لە باشترین دۆخدا، بە مولیدەکانەوە بگاتە 20 کاژێر، بەڵام هەرێمی کوردستان بەدوای ڕێکخستنەوەی خواستەوەیە بۆ دابینکردنی کارەبای 24 کاژێری.

هەرێمی کوردستان توانای بەرهەمهێنانی سەروو 6.7 هەزار مێگاوات کارەبای هەیە و ئێستا 4.3 هەزار میگاوات بەرهەمدەهێنیت، واتە هێشتا دەتوانێت 2.4 هەزار میگاواتی دیکەی هەیە کە بەرهەمی بهێنێت. لە ئەگەری پچڕانی کارەبا و گازی ئێرانی بەگوشاری ئەمریکا، ئەوا عێراق دەتوانێت سوود لەم برەش وەربگرێت وەک چۆن ئێستا بڕی 1.6 هەزار میگاوات لە هەرێمی کوردستان دەکڕێت. ئەمەش جیا لەوەی هەرێمی کوردستان سەرەتای ساڵی داهاتوو هەنگاوێکی گەورەی دیکە لە بەرهەمهێنانی گاز دەنێت و دەگاتە 1 ملیار مەتری سێجا. ئینجا چی گازەکە بکڕێت یان بکرێتە کارەبا و بیبات، ئەوا عێراق دەتوانێت لەوەدا پشت بە هەرێمی کوردستان ببەستێت.

لەڕاستیدا، پرسی کارەبای 24 کاژێری لە عێراق و هەرێمی کوردستان هێندەی پەیوەستە بە چیرۆکی خواستەوە ئەوەندە پەیوەست نییە بە خستنەڕوو (دابینکردنی کارەباوە)، چونکە لەماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا بڕی سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا بۆ دانیشتوان لە بەرامبەر بڕی زیادکردنی دانیشتوان چەند هێندە زیاتر بووە بەڵام، نەتوانراوە کارەبا بۆ دانیشتوان دابینبکرێت تەنانەت وەک وڵاتانی دراوسێ نەوەکو وڵاتانی پێشکەوتوو.

ئێستا لە عێراق و هەرێمی کوردستان نرخی کارەبا بەشێوەیەکە دەتوانین بڵێین لە شارێک بۆ شارێک و لەنێو شارێکیشدا لە گەڕەکێکەوە بۆ گەڕەکێکی دیکە جیاوازە. لەسەر ئاستی نرخی کارەبای حکومیش بۆ هەر کیلۆواتێک، عێراق و هەرێمی کوردستان لەریزبەندی هەرزانترینەکاندان و وڵاتانی وەک لیبیا، سودان، و سووریا و ئێرانن، بەڵام نرخە نوێیەکە پرۆژەی ڕووناکی هەرێمی کوردستان دەباتە لای وڵاتانی وەک کۆریای باشوور، ئەرمینیا و تایلەند.

خواستی تاکێک بۆ کارەبا لە عێراق و وڵاتانی دراوسێ چەندە ، داهاتی تاک و خەرجییەکانی چەندە، نرخی کارەبای دابینکراو لەسەر بنەمای ئەمپێر چەندە، عێراق لە ئێستا و 2030 چەند بەرهەمدەهێنیت و چەندی پێویستە، عێراق بە زیادکردنی سەرچاوە و هەرێمی کوردستان بەرێکخستنەوەی خواست دەتوانێت کارەبا دابین بکات؟ لەم ڕاپۆرتەدا بەپێی داتاکانی بانکی جیهانی، فەرمانگەی زانیاری وزەی ئەمریکا و ئاژانسی وزەی نیودەوڵەتی وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەینەوە.

## توانای بەرهەمهێنانی کارەبا لە عێراق و هەرێمی کوردستان چەندە و لە دەیەی داهاتوو چەندی پێویست دەبێت؟


بەپێی فەرمانگەی زانیاری وزەی ئەمریکا eiaکۆی توانای بەرهەمهێنانی کارەبا لە عێراق لە 2023دا 31.3 هەزار میگاوات بووە، لە کاتێکدا بەهۆی نەبوونی گاز و کەمبوونەوەی ئاو و کارنەکردنی کۆی توانای ویستگەکانەوە، نیوەی ئەو بڕە بەرهەمدەهێنرێت کە 15.02 هەزار مێگاوات بووە، ئەمەش سەرەڕای ئەوەی عێراق ئەگەر بیەوێت کۆتایی بە مولیدەی کەرتی تایبەت و گشتی و ماڵان بهێنێت و کارەبای 24 کاژێری دابینبکات، ئەوا پێویستی بە 73.5 هەزار میگاوات دەبێت.

بەپێی هەمان دامەزراوە بڕی ئەو وزەیەی لە عێراق ساڵانە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا بەکاردەهێنرێت بە مولیدەی ماڵان، مولیدەی بازرگانی و کەرتی گشتی و حکومەتەوە کە پێدەوترێت بەرهەمهێنانی کارەبا Generated electricity دوو هێندەی ئەو خواستەیە کە وڵاتەکە پێویستییەتی. ئەمەش لە 2023دا گەیشتووەتە 150 هەزار مێگاوات. واتە بەهۆی ڕێکنەخستنەوەی ئەم کەرتەوە نیوەی وزە ساڵانە بەفیڕۆ دەچێت و دانیشتوانەکەش هێشتا بەدەست نەبوونی کارەباوە دەناڵێنن.

ئێستا، بەپێی هەردوو ئاژانس و دامەزراوە گەورەکەی وزەی جیهان، خواستی عێراق بۆ کارەبا ساڵانە دەگاتە 70 هەزار میگاوات، ئەمەش سەرەڕای ئەوەی بەپێی وەرزەکان جیاوازی گەورەی هەیە و کەم و زیاد دەکات. ئەگەر تەماشای گرافیکی یەکەم بکەین دەبینین لەدەیەی ڕابردوو بەڕێژەی 60% خواست بۆ کارەبا زیادیکردووەو، لە 44.85 هەزار میگاواتەوە گەیشتووەتە 73.52 هەزار میگاوات و لە بەرامبەردا

دابینکردن وەستاوە و بگرە هەنگاوی گەورەی ناوە وەک خواست.

گرافیک 1: خواست، هاوردەکردن و توانای بەرهەمهێنانی کارەبا لە عێراق 2023-2013




سەرچاوە، فەرمانگەی زانیاری وزەی ئەمریکا eia لە 14ی نیسان 2025

هەرێمی کوردستان ئێستا توانای بەرهەمهێنانی 6.7 هەزار میگاوات کارەبای لە هەموو سەرچاوەکانەوە هەیە وەکو لە خشتەی یەکەمدا هاتووە، بەڵام بەپێی زانیارییە کۆکراوەکان کۆی بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان لەم رۆژانەدا 4.3 هەزار میگاواتە، کە 1.6 هەزار میگاواتی بە حکومەتی عێراق دەفرۆشرێت، واتە بڕی 2.7 هەزار میگاوات بۆ نێوخۆ دەبێت. ئەگەر ئەمەش بەپێی دوایین سەرژمێری لێکبدەینەوە ئەوا خواستی تاکێک بۆ کارەبا لەخوار 500 میگاوات لە هەرێمی کوردستان بکرێت بە 24 کاژێری، بەدڵنیایەوە پێویستی بەزیادکردنی دابینکردن دەبێت.

پرۆژەی رووناکی لە 17ی تشرینی یەکەمی 2024وە لە سەنتەری شارەکانی هەرێمی کوردستان کەوتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە و بڕیارە تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ کۆی سەنتەری پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بکرێت بە 24 کاژێر، کە ئەمەش گۆڕانکارییەکی نوێیە و ئەوەشی تاوەکو ئێستا دەبینرێت هێندەی رێکخستنەوەی خواستی کارەبا و زیادکردنێکی نرخەکەی بەبەراورد بە کارەبای مولیدە، هێندەی زیادکردنی دابینکردنی سەرچاوەی کارەبا نەبووە. ئەگەریش خواست بگاتە بەرزترین ئاستی لە زستان و هاوین ئەوا هەرێمی کوردستان توانای دابینکردنی دەبێت بەتایبەتیش لەسەرەتای ئەمساڵ و لەکاتی جیاواز لەوەرزەکان و وەرگرتنەوەی ئەو بڕەی بە عێراق دەدرێت و کەمکردنەوەی خواستی بەکارهێنان لەلایەن دانیشتوانەوە کە بەپێی تیمی پرۆژەی رووناکی ئەوانەی تاوەکو ئێستا هاتوونەتە نیو ماڵەکانەوە مانگ بە مانگ کەمبووەتەوە، چونکە نرخەکەی گران بووە.

خشتەی 1: ناو  و توانا و جۆری ویستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان

**ژمارە و توانای ویستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان**

| ژ | ناوی وێستگەکان | جۆری سووتەمەنی | توانای ویستگەکان مێگاوات | ڕێژەی سەدی لە جۆری سووتەمەنی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | دهۆک | گاز | 1000 | 81.60% |
| 2 | هەولێر | | 1500 | |
| 3 | چەمچەماڵ | | 1500 | |
| 4 | خورمەڵە | | 1000 | |
| 5 | بازیان | | 500 | |
| 6 | دهۆک | دیزڵ | 29 | 1.29% |
| 7 | هەولێر | | 29 | |
| 8 | سلێمانی | | 29 | |
| 9 | تاسڵوجە | نەوتی ڕەش | 51 | 7.44% |
| 10 | باعەدرێ | | 150 | |
| 11 | خەبات | | 300 | |
| 12 | دووکان | ئاو | 400 | 9.63% |
| 13 | دەربەندیخان | | 249 | |
| تێکڕای توانای بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستان | | | 6737 | 100% |

تێبینی، ئەم خشتەیە بڕی بەرهەمهێنان لە وزە نوێیبوەکانی تێدا نییە، چ وەک پرۆژە بەرهەمهێنانی کارەبا یاخود ئەوانەی لە ماڵان  دانراون.

ساڵ بە ساڵیش خواست بۆ بەکارهێنانی کارەبا ڕوو لە زیادبوون دەبێت، بەپێی دوایین ڕاپۆرتی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە لەنێو هەموو جۆرەکانی وزەدا بەتەنیا بەرزبوونەوەی خواست بۆ وزەی کارەبا، بەشێوەیەک خواست بۆ کارەبا لەماوەی 2024-2027دا بەرێژەی سەروو4% دەبێت، کە لەو ماوەیەدا خواست بە بڕی 3500 تێراوات بۆ کارەبا زیاد دەبێت کە سەرچاوەکەشی بەهۆی زیادبوونی بەرهەمهێنانی پیشەسازی، بەکارهێنانی زیاتری ئامێرەکانی ساردکەرەوەی هەوا، خێرابوونی پرۆسەی کارەباییکردن، و فراوانبوونی سەنتەرەکانی داتایە لە سەرتاسەری جیهاندا.

بەهەمان شێوەش لە ئەمساڵەوە تاوەکو 2030 بەپێی هەڵسەنگاندنێکی ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی IEA بۆ کەرتی وزەی عێراق، ئەگەر توانای بەرهەمهێنانی کارەبا زیاد بکات و، پرۆژە نوێیەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا تەواو بکات و نوژەنکردنەوە و چاکسازی لە تۆڕەکانی گواستنەوەی کارەبا بکات، ئەوا هێشتا لەماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا 10 هەزار مێگاوات کورتهێنانی کارەبای دەبێت.

خشتەی 2: توانای ئێستا و داهاتووی خواست و خستنەڕووی کارەبا لە عێراق 2024-2030

سەرچاوە: ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی IEA 6ی ئایار 2025

هەروەها، بەپێی ڕاپۆرتی گرووپی بانکی جیهانی World Bank عێراق لەریزبەندی خراپترین وڵاتانی جیهاندایە بۆ بەفیڕۆچوونی کارەبا، بەشێوەیەک لەماوەی ساڵانی 2020 بۆ 2022دا  ڕێژەی 66% بۆ 59% بووە، واتە نیوەی بەفیڕۆ چووە وەکو لە گرافیکی دووەمدا هاتووە.

لەڕاستیدا، بەشێکی ئەم بەفیڕۆچوونە بەهۆی کۆنیی تۆڕەکانی گواستنەوەی کارەبا و ئامیرەکانی کارەبا (محاویلە)، خراپی سیستمی گواستنەوەی کارەبا و هتد بووە بەڵام سەروو نیوەشی دەدزرێت. بۆ نموونە بەفیڕۆچوونی کارەبا لە هەرێمی کوردستانیش بەشێوەک لە شێوەکان هاوشێوەیە لەم ڕووەوە و بەپێی وەزارەتی کارەبا ڕێژەی 40% بەفیڕۆچووە کە تەنیا ڕێژەی خوار 10% بەهۆی تەکنیکییەوە و ئەوی دیکەی لە دەرەوەی پێوەرەکانی کارەبا بەکاردەهێنرێت.

**گرافیک 2: ڕێژەی بەفیڕۆچوونی کارەبا لە عێراق و وڵاتانی دراوسێ و جیهان بۆ ساڵانی 2020-2022**


سەرچاوە: ڕاپۆرتی گرووپی بانکی جیهانی World Bank ، 7ی ئایار 202

## خواستی تاک بۆ کارەبا لە عێراق و هەرێمی کوردستان چەندە؟

بەپێی داتاکانی گرووپی بانکی جیهانی  لەنیو 267 وڵات و ناوچە و ئابووری جیاوازدا، عێراق لە ریزبەندی 124دایە بۆ بەکارهێنانی کارەبا، بەشێوەیەک خواستی تاکێک 1373 کیلۆوات کە ئەمەش سێ هێندەی لە ئاستە جیهانییەکە و وڵاتانی دراوسێ کەمترە، بەڵام دوو هێندەی ئەوەی هەرێمی کوردستانە ئەگەر خەمڵاندنی بۆ بکرێت.

هەروەها، لەسەر ئاستی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەراستدا، عێراق دەکەوێتە پلەی نۆیەمین، لەکاتێکدا بەرزترین ئاستی رۆژهەڵاتی نێوەراست بەتێکڕا 5 هەزار کیلۆ واتە. وڵاتانی وەک بەحرەین، قەتەر و کوەیت لەسەرووی 16 هەزار بۆ 22 هەزار کیلۆوات بۆ هەر تاکێک بەکاردەهێنن.

### گرافیک 3: خواستی بەکارهێنانی تاک بۆ کارەبا لە وڵاتانی جیهان 2022




•


سەرچاوە، گرووپی بانکی جیهانی world Bank 7ی ئایار 2025

هەروەها، لەماوەی دوو دەیەی رابردوو کەرتە جیاوازەکان لە عێراق گۆڕانکاری گەورەیان بەخۆووە بینیوە، بەشێوەیەک لەساڵی 2002 کان کەرتی پیشەسازی و کەرتەکانی دیکە زۆرترین خواستیان بۆ بەکارهێنانی کارەبا هەبووە، بەڵام لەم ساڵانەدا کەرتی نیشتەجێبوون و دانیشتوان نیوەی کۆی خواستی عێراق بۆ کارەبا پێکدەهێنێت، واتە لەو 70 هەزار میگاوات کارەبایەی بۆ عێراق پێویستە، 31 هەزاری بۆ کەرتی نیشتەجێبوون و دانیشتوانە. ئەم بەرزبوونەوەش بەهۆی دوو هێندەبوونی ژمارەی دانیشتوان و پەیوەستبوونی دانیشتوان بە کارەباوە بووە.  لەڕاستیدا ئەم زیادبوونە هاوتەریب نییە لەگەڵ ئەوەی پێدەگوترێت بەکارەبایبوون electrification، بەڵکوو خواستێکی زۆرە لە دەرەوەی بەرهەمەوە.

ئەگەر وردیش لە گرافیکەکە بڕوانین دەبینین، خواستی کەرتی پیشەسازی و کشتووکاڵی پاشکەشەیە گەورەی کردووە و لەماوەکانی

رابردوودا، بەرێژەیەکی زۆر کەم زیادیکردووە کە ئەمەش نیشانەیەکی دیکەی لاوازی کەرتی پیشەسازی و بازرگانی و دابینکردنی خزمەتگوزارییە لە عێراق.

**گرافیک 4: خواستی کەرتە جیاوازەکان بۆ کارەبا لە عێراق 2005-2022**

- 


**سەرچاوە: ئاژانسی نێودەوڵەتی وزە، 8ی ئایار 2025**

بەپێی دوایین راپۆرتی سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی IMF بۆ گەشەی ئابووری وڵاتان عێراق لە 2024دا داهاتی تاک 6247 دۆلار بووە و لە 2030دا دەگاتە 6472 دۆلار، واتە بەرێژەی 3.6% زیاد دەکات، بەڵام لەهەمان ماوەدا خواست بۆ کارەبا بەرێژەی 35.3 % زیاد دەکات، واتە رێژەی خواستەکە بۆ کارەبا دە هێندەی ئەوەیە کە لەو ماوەیدا بۆ زیادکردنی داهاتی تاک.

**گرافیک 5: داهاتی گەشەی بەرهەمی نێوخۆی تاک لە عێراق بە بەراورد بەچەند وڵاتێک 2024-2030**

- 

**سەرچاوە: سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، 11ی ئایار 2025**

## نرخی کارەبا لە عێراق و هەرێمی کوردستان و وڵاتانی دراوسێ و پێشکەوتوو چەندە؟

لەعێراق یەک دەوڵەتی فیدراڵ و دەیان نرخی جیاواز بۆ کارەبا هەیە، لە گەڕەکێکەوە بۆ گەڕەکێکی دیکە جیاوازە، لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە نرخەکە بەشێوەیەک دەگۆڕێت وەکو سیستەمی ئابووری چەند وڵاتی جیاواز بێت. مانگێک نرخێکە و مانگەکەی دیکە نرخێکی تەواو جیاوازە تەنانەت ئەگەر هەمان بڕی بەکارهێنانیش بێت، ئەمەش سەرەڕای ئەوەش دەوڵەتی فیدراڵی بۆ ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی خۆی 54% پاڵپشتی نرخی کارەبای دابینکراو دەکات و ساڵانە ملیاران دۆلاری بۆ تەرخان دەکات.

هەرێمی کوردستان بۆ نرخی کارەبا هەمان چیرۆکی عێراقی هەیە لەڕووی جیاوازییەکانەوە، ئێستا نرخی کارەبای 24 کاژێری لە پرۆژەیەکی نیشتەجێبوون 156 دینارە بۆ کیلۆواتێک، بەڵام لە گەڕەکەکەی تەنیشتیدا 110 دینارە و لەشارێکی دیکەش 18 دینارە و لە پرۆژەیەکی

هاوشێوەیەدا نرخی کارەبای مولیدەکە شتێکی تەواو جیاوازە.  ئێستا ئەنجومەنی وەزیران نرخی پلەبەندی پەسەندکردووە و هاوشێوەی رابردووە بەڵام بەجیاوازییەکی گەورەوە.

بەپێی داتای 147 وڵات لە جیهان بۆ نرخی کارەبا، عێراق لە ریزبەندییەکەدا لەریزی هەرزانترینەکاندایە لە جیهان و هەرێمی کوردستان ئەگەر نرخی ئێستای کارەبای نیشتمانی هەژماربکرێت ئەوا هاوشێوەی عێراقە و بگرە هەرزانتریشە، چونکە بەتێکرا 0.054 دۆلار دەکات بۆ یەک کیلۆوات و لە عێراقیش نرخی یەک کیلۆوات بۆ هاوڵاتیان و شوێنی نیشتەجبوون بەتێکڕا لە چارەکەکانی 2023 تاوەکو چارەکی یەکەمی 2025  بەتێکڕا 0.015 دۆلار بووە و حەوتەمین هەرزانترین نرخی کارەبای لەنیو 147 وڵاتی جیهاندا هەیە. ئێستا بەتێکڕا یان هاوبەش بۆ کوێ نرخە پلەبەندییەکە نرخە نوێیەکەی کارەبا لە کوردستان 0.133 دۆلارە بۆ هەر کیلۆواتێک.

درووستە ئەم نرخە نوێیە پەیوەست بەبەکارهێنانەوە و نرخەکەشی بە پلە بەرز دەبیتەوە، واتە پێویست ناکات لەماڵەوە نەبێت پارە بەکارەبا بدەێت، بەڵام نرخی پلەبەندییەکە بەشێوەیەکە کە نازانرێت چۆن رەچاوی داواکارییەکانی خێزانێکی گەورە یان ستراکچەری خانوو و ئامیرە هاوردەکراوەکانی فینککەرەوە گەرمککەرەوە دەکات.

رێکخستنەوەی خواست و کەمکردنەوەی سەرچاوەی بەفیرۆچوون و چۆنیەتی بەکارهێنان لە لایەن هاونیشتمانەوە تاکە رێگەی بەفیرۆچوونی سامانی گشتییە و دامەزراوە گەورەکانی جیهان پاڵپشتی دەکەن، بەڵام چ میکانزمیک پەیرەودەکرێت بۆ دابینکردنی کارەبا بۆ دانیشتوانی کەمدەرامەت و خواستی زۆر. ئێستا، نرخی کارەبای ماڵان هەرێمی کوردستان بەپێی پرۆژەی رووناکی لەنێوان 0.054 دۆلار و 0.267 دۆلار دایە، بەڵام لە شارەکان و قەزاکانی دیکەش شتێکی ترە.  لە عێراق نرخەکەشی  لەنێوان 0.007 بۆ 0.091  دۆلارە وەکو لە خشتەی 3دا هاتووە.

نرخەکان لەنێوان عێراق و هەرێمی کوردستان بەرەو جیاوازییەکی دیکە وەک نرخی سووتەمەنی دەڕوات، راستە هەم عێراق و هەم هەرێمی کوردستان ناتوانن بەمشێوەیە بەردەوام بن، چونکە ئەم شێوازە نەخەڵک کارەبای هەبوو و نەتێجووەکەی پڕ دەکردەوە، بۆ نموونە بەردەوامیدان بەم شێوازە وایکردبوو هەرێمی کوردستان بخاتە ژێر قەرزی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی کارەبا و عێراقیش بخاتە بەردەم خەرجکردنی ملیاران دۆلار بۆ مولیدەکانی کەرتی تایبەت کە لە 2018دا بەتەنیا خەرجی پاڵپشتی مولیدەکان 4 ملیار دۆلار بووە، کە نرخی یەک کیلۆوات بەکارهێنانی 6 بۆ 12 دۆلار لەسەر عێراقییەکان کەوتووە.

ئێستا ئەگەر بەراوردێکی نرخە نوێیەکان لە هەرێمی کوردستان بە  نرخی پێشوو بکەین، تەنانەت بۆ ئەوانەی کەم بەکاردەهێنن بەرێژەی 300% هێندە زیادیکردووە وەکو لە خشتەی 3دا هاتووە، هەروەها بۆ ئەوانەشی لەسەروو 1600 کیلۆوات بەکاردەهێنن پێشووتر 72 دینار بووە و ئێستا 350 دینار بۆ هەر کیلۆوات. لەرووی نرخی پیشەسازی و کشتووکاڵییەوە گۆڕانکارییەکی ئەوتوو نەکراوە، بەڵام لەڕووی بازرگانییەوە کەمکراوەتەوە.

خشتەی 3: نرخی کارەبا لە عێراق و هەرێمی کوردستان

- 

سەرچاوە: وەزارەتی کارەبای حکومەتی هەرێمی کوردستان، 15ی ئایار 2025  و وەزارەتی کارەبای عێراق، 13ی ئایار 2025

تێبینی، نرخی یەک کیلۆوات کارەبا گۆڕینی لە دینارەوە بۆ دۆلار، بە نرخی بانکی ناوەندی 1 دۆلار بە 1310 دانراوە.

بەدیوێکی دیکەدا ئەگەر بەگشتی ئەم نرخە نوێیانەی پێشنیازکراوە و پلەبەندی لە نرخەکان پەیوەستکردووە بە بڕی بەکارهێنانەوە وەکو پێشووتر ئەوا نرخی هاوبەشی یان تێکڕای ئەم چوار نرخە پلەبەندییە بۆ بەکارهێنانی یەک کیلۆوات لەلایەن ماڵانەوە لە هەرێمی کوردستان وەربگرین ئەوا لەنێوان 0.133 بۆ 0.147 دۆلار  بۆ هەر کیلۆواتێک ئەم نرخە نوێیەی کارەباش هاوشێوەی وڵاتانی وەک غانا، سربیا و کەنەدا و مەغریب دەبێت وەکو لە گرافیکی پێنجەمدا هاتووە.


لەڕاستیدا، لێکدانەوەی نرخەکان تەنیا بە کیلۆوات و بڕی بەکارهێنانەوە نییە، بەڵکوو پێوەرەکانی دیکەی وەک داهاتی تاک، ئاستی بژێوی کۆمەڵگە و رۆشنبیری و پێداویستی و ئاستی بەرهەمیشەوە دەگۆڕێت.

ئێستا هەرێمی کوردستان بەنرخە نوێیەکە تەواو جیاوازە لەوەی عێراق، لەکاتێکیشدا پاڵپشتی دارایی عێراق بۆ ماڵان و بازرگانی، بەشێوەیەکە لەرۆژانی رابردوو گازی بۆ مولیدەکان کرد بەخۆڕایی و بەتێکڕا بۆ کارەبای ماڵان رێژەی 54% تێجووەکە پاڵپشتی دەکات و بەرێژەی نزیکەی 75% پاڵپشتی دابینکردنی تێجووی کارەبایە بۆ شوێنە بازرگانییەکان، کە هەمووی پێکەوە دەکاتە  رێژەی 5.6% گەشەی

بەرهەمی نێوخۆی وڵات.

هەروەها، بڕی ئەو پارەیەی عێراق لەماوەی ساڵانی 2022و 2023دا بەتەنیا بۆ پاڵپشتی کەرتی کارەبا خەرجی کردووە  گەیشتووەتە 12 ملیار دۆلار،  واتە ئەمە لەدەرەوەی تێچووەکەی بووە، هەندێک ڕۆژ کاژێرەکانیشی لە ژمارەی پەنجەیەکی دەست تێنەپەڕیووە.

**گرافیک 6: نرخی بەکارهێنانی کارەبا لە 147 وڵاتی جیهان بەتێکڕا لەماوەی 2023-2025**


Values
ئێران
سوودان
قیرغیزستان
عێراق
ئەنگۆلا
زامبیا
بورما
لاوس
ئوزبەکستان
نەیجیریا
نیپال
ئازەربایجان
مالیزیا
عەرەبستانی سعوودی
پاراگوای
بەنگلادیش
کۆماری دیموکراتی کۆنگۆ
تورکیا
زیمبابوی
ڤەنزوێلا
ئوکرانیا
هیندستان
ئیمارات
بیلاڕوس
ئوردون
ئەندۆنیسیا
تایوان
بۆسنیا و هەرزەگۆڤینا
مالدیڤ
هەنگاریا
ئەلبانیا
کۆماری دۆمینیکان
کەنەدا
سربیا
کۆریای باشوور
تایلەند
مەدەغەشقەر
مۆریشیوس
بولگاریا
کەمبۆدیا
مۆلدۆڤا
ئایسلەندا
کۆستاریکا
ئوگەندا
ڕۆمانیا
سینیگال
لوبنان
پیرو
فینلەندا
چیلی
فلیپین
گابۆن
ڕواندا
ئاروبا
بێلیز
سیرالیۆن
ژاپۆن
سوید
سینگافوورە
ئیسپانیا
ئێل سەلڤادۆر
ئوروگوای
لیتوانیا
جامایکا
لاتڤیا
گواتیمالا
کەیپ ڤێردێ
قوبرس
دانیمارک
سویسرا
بەلجیکا
لیختنشتاین
ئیتاليا
بێرموودا
0 0.05 0.1 0.15 0.2 0.25 0.3 0.35 0.4 0.45 0.5
نرخی کارەبا بە دۆلار بۆ یەک کیلۆوات لەکاژێریکدا
نرخەکانی کارەبای بازرگانی بە دۆلاری ئەمریکی/کیلۆوات کاتژمێر، تێکڕای 2023 - 2025
نرخەکانی کارەبای نیشتەجێبوون بە دۆلاری ئەمریکی/کیلۆوات کاتژمێر، تێکڕای 2025-2023

## جیاوازییەکانی هەولێر و بەغداد

**یەکەم**، هەرێمی کوردستان توانای بەرهەمهێنان یان دابینکردنی خواستی تێپەڕاندووە، عێراق هێشتا بەتەواوکردنی کۆی پرۆژەکانیشەوە هێشتا 10 هەزار مێگاوات کورتهێنانی دەبێت.

**دووەم**، هەرێمی کوردستان لە قۆناخی رێکخستنەوەی خواست و دابینکردنی کارەبای 24کاژێریدایە، عێراق بەدوای دابینکردنی خواستەوەیە کە رۆژ بە رۆژ زیاتر دەکات.

**سێیەم**، هەرێمی کوردستان بەرەو قۆناخی کۆتایی بەکارهێنانی مولێدەی تایبەت بۆ دابینکردنی کارەبا دەڕوات، بەڵام عێراق هەوڵی دابینکردنی گازی خۆڕایی بۆ مولیدەکان بۆ دابینکردنی کارەبای 20کاژێری بەحکومی و مولیدەوە.

**چوارەم**، هەرێمی کوردستان نۆژەنکردنەوەی تۆڕەکان و ئامێرەکانی دەستپێکردووە و پێوەری زیرەکی بۆ کەمکردنەوەی بەفێڕۆچوونی کارەبا لەسەرکارەبای بەرهەمهێنراو لە ویستگەکانەوە تاوەکو بەکارهێنەر جێبەجێدەکات، بەڵام عێراق هێشتا نیوەی کارەبای بەرهەمهاتوو بەفیڕۆ دەڕوات.

**پێنجەم** ، هەرێمی کوردستان ئێستا لەقۆناخی هەناردەکردن دایە و ساڵی داهاتوو لەم رووەوە هەنگاوی گەورە دەنێت، بەڵام عێراق بەدوای سەرچاوەی نوێی هاوردەکردنی کارەباوەیە.

**شەشەم**، هەرێمی کوردستان بەتەواوکردنی پرۆژەی رووناکی سەرەڕای کەموکورتییەکان کۆتایی بەدوو سەرچاوەی گرنگی پیسبوونی ژینگە و هەوا، ئەوانیش دەردانی دووکەڵ و پیسبوونی دەنگ دەهێنێت، عێراق لەدوایین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران دەرگای زیاتر بۆ پیسبوونی ژینگە و هەوا دەکاتەوە بەپاڵپشتی خۆڕایی دابینکردنی گاز بۆ مولیدەکان.

## پێویستە چی بکرێت؟

**پێویستە هەرێمی کوردستان چی بکات؟**

**یەکەم**، لەبەرچاوگرتنی داهاتی تاک و خێزان و هێنانەئارای سیستمی نوێ بۆ بەستنەوەی سەرچاوەی داهات و خەرجی بەشێوەیەک کەوا بتوانرێت ئەو بڕەی بەکاریدەهێنێت پارەکەی بدات.

**دووەم**، جیاکاری بەپێی پلەبەندی بەکارهێنان نەبێت، بەڵکوو بەپێی داهات بێت یاخود میکانزمێکی نوێ کەبتوانێت بەکارهێنەر لەکاتی نەبوونی سەرچاوەی داهات، لە دابینکردنی پێداویستی سەرەتایی بێبەش نەبێت.

**سێیەم**، هەڵسەنگاندنی سەرەتایی و ستراتیژی بۆ ئاسایشی دابینکردنی سەرچاوەی وزە لە هەموو رووەکانەوە، وەک سەرچاوەی دابینکردن، گواستنەوە، دابەشکردن و بەکارهێنان بۆ ئێستا و داهاتوو بکات.

**چوارەم**: کەمپەینی بەرزکردنەوەی رۆشنبیری تاک و خێزان بۆ بەکارهێنانی وزە لە هەموو رووەکانەوە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی رۆژانە.

**پێنجەم**، گۆڕانکاری لە ستراکچەری خانووبەرە، بەشێوەیەک ئەگەر بۆ گشتی نەبێت، ئەوا لە پرۆژەکانی وەبەرهێنان بکرێت کە ستانداردی جیهانی بۆ گەرمی و ساردی لەبەرچاوبگرێت کە لەداهاتوودا کۆی وزەی بەکارهێنراو کەمبکاتەوە.

**شەشەم**، کۆنترۆڵکردن یاخود جێبەجێکردنی بڕیاری ئاسانکاری بۆ هاوردەکردنی ئامێرە کارەباییەکان کەوا کەمترین بڕی کارەبای پێویست بۆ بەکارهێنان و هاوکاریکردنی ماڵان لەگۆڕینی ئامیرە کارەباییەکان دا.

**پێویستە عێراق چی بکات؟**

بەگشتی عێراق پێویستە لەم کەرتەدا ڕێگاکانی هەرێمی کوردستان بگرێتەبەر چ وەک سەرچاوەی دابینکردن، دابینکردنی وزە و دانانی پێوەر و کەمکردنەوەی بەفیڕۆچوون و ڕێکخستنەوەی و نرخی کارەباوە. لەنرخەکەشدا هاوکاری هەرێمی کوردستان بێت، چونکە ناکرێت ملیاران دۆلار لە داهاتی دەوڵەتە فیدراڵییەکە بۆ دانیشتوانی ژێر دەسەڵاتی خۆی خەرجبکات و دانیشتوانی هەرێمی کورستانی لێ بێ بەش بکات:

## کۆتایی

لە 2003وە تاوەکو ئەمڕۆ، کارەبا بەردەوام ئاڵنگارییەکی گەورەی بەردەم حکومەتەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان بووە، بەتایبەتی لە چلەی زستان و هاوین. ئێستا عێراق و هەرێمی کوردستان دوو ڕێگەی جیاوازیان گرتووەتەبەر بۆ کۆتایهێنان بەم کیشەیە؛ هەرێمی کوردستان خەریکی ڕێکخستنەوەی خواستە بە بەرزکردنەوەی نرخ و و عێراقیش خەریکی زیادکردنی سەرچاوەکان و دابینکردنیەتی بۆ تێپەڕاندنی هاوینێکی بێ خۆپێشاندان!

هەرچەندە داتای خواستی تاک لە هەرێمی کوردستان بۆ بەکارهێنانی کارەبا بەردەست نییە و ناشتوانرێت ئەوەی عێراق بە نموونە وەربگیردرێت، بەڵام بەپێی دوایین لێدوانی [تیمی پرۆژەی ڕووناکی]"ڕێژەی 50٪ی ئەو هاوبەشانەی کەوا ماوەی شەش مانگە کارەباکانیان بووەتە 24 کاژێری، بە تێکڕا کەمتر لە 670 کیلۆواتیان لەکاژێریکدا بەکارهێناوە." واتە نیوەی ئەو بڕەیە کە تاکێکی عێراقی بۆ کارەبا بەکاریدەهێنێت و نزیکە لە وڵاتانی وەک کۆریای باشوور، لوبنان و بەنگلادیش و هتد. ئەگەر بەمشێوەیە بێت هەرێمی کوردستان بۆ ئێستا لەڕووی خواست و خستنەڕووەوە هاوسەنگە، بەڵام بۆ داهاتوو دەبێت سەرچاوەی نوێ بدۆزێتەوە.

لەکۆتاییدا، گەشەی بەرهەمی نێوخۆی تاک لە غانا سێ هێندە کەمترە لە عێراق و هەرێمی کوردستان، لە بەرامبەردا گەشەی بەرهەمی نێوخۆی تاکی کەنەدی دە هێندەی ئەوەی عێراق و هەرێمی کوردستان، بەڵام بەپێی داتا کۆکراوەکان ئەو نرخەی لە هەرێمی کوردستان پێشنیازکراوە نزیکە لە نرخی کارەبا لەو وڵاتانەوە. هەربۆیەش بەتەنیا بە نرخی کارەبا و داهاتی تاک یاخود گەشەی بەرهەمی نێوخۆیی یان بڕی بەکارهێنان بەس نین بۆ ئەوەی لێکدانەوەی بۆ بکەین، بەڵکوو پێویستە هەموو پێوەرەکان پێکەوە لەبەرچاوبگیردرێن.

---

[1] هەرچەندە لەمانی ئادار ئەمساڵدا ئەمریکا لێخۆشبوونی بۆ عێراق بۆ هاوردەکردنی گاز درێژنەکردەوە، بەڵام تاوەکو ئێستاش عێراق بەردەوامە لە هاوردەکردنی گاز و کارەبای ئێرانی https://shafaq.com/en/Iraq/Iraq-continues-importing-Iranian-gas-and-electricity-despite-US-sanctions